ئەگەرەکانی تر..

مەریوان وریا قانع دەینوسێت

ئیسلامییەکانی کوردستانو خەونەکانیان

ئیسلامی سیاسی بەگشتیو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەتایبەتی بەشێکن لەو هێزە سیاسییانەی لەدوای راپەرینەوە گەشەیەکی بەرچاویان کردووە.ئەم گەشەیە بەڕادەیەکە هەم هێزە، سیاسییەکانی کوردستانی ترساندووە (بۆ نمونە پارتیو یەکێتی ناچار کردووە ١١ کورسی لە کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ یەکگرتوو چۆلبکەن).

هەم ئەو کەرتە عەلمانیانەشی ترساندووە کە نایانەوێت ژیانی خۆیان و کۆمەلگاکەیان بکەوێتە دەستی ئەو نوخبە تازەیەوە کە بەناوی دینەوە سیاسەت دەکات.

لەسالانی رابردوودا ئەم ترسە لە ئیسلامی سیاسیو لە یەکگرتوو لە چەند ئاستێکدا کراونەتە رەخنەو باسکردن، دەشێت دیارترینیان لەم رەخنانەدا کورتبکەینەوە : "ئیسلامی سیاسی بەیەکگرتووەوە دیاردەیەکی خۆمالێی نییەو لەدەرەوەڕا هێنراون" ، "ئەم هێزە بەتەنگ کوردو کوردبوونەوە نایەت"، "میدیاکانی یەکگرتوو ئەوەندەی بۆ شێخ یاسینی سەرۆکی حەماس لە فەلەستێن گریان چارەکێکی ئەوە بۆ شەهیدانی کوردستان ناگرین"، "تەلەفزیۆنەکەی یەکگرتوو ئەوەندەی باس لە قودس دەکات نیو ئەوەندە باس لە کەرکوک ناکات"، "نەک تەنها یەکگرتوو بەڵکو ئیسلام خۆیشی دینی داگیرکەرانەو رەسەنایەتی کوردی لەناوبردووە"، "یەکگرتوو تا ئەو شوێنە باس لە دیموکراسیەت دەکات کە دێنە سەر حوکم لەدوای ئەوە شەقێک لە دیموکراسیەت هەڵدەدا".

لەراستیدا ئەم رەخنانە رەخنەی سیاسیو سەرپێچینو شێوازی تۆمەتکارییان وەرگرتوە/ نەک رەخنەو خوێندنەوەیەکی زانستی. ئەوەی دەڵێت ئیسلامی سیاسیو یەکگرتوو پرۆژەیەکی کوردی نییەو لە جەوهەریاندا بە کوردبوون نامۆن، نەک تەنها هەڵەیەکی فیکریو مەعریفیی، بەڵکو هەڵەیەکی میژوویش دەکات. ئیسلامبوون دەشێت شێوەیەک لەشێوەکانی کوردبوون بێت، وەکو چۆن عەلمانیبوون و سۆسیالیست بوونو مارکسیست بوون و بێدین بوونیش دەشێت شێوازی تری کوردبوون بن، گریانو نەگریان بۆ شێخ یاسینیش رێ لەوە ناگرن کوردبوون لەسەر بنەمای ئیسلامبوون پێناسەبکرێتەوە. لەڕاستیدا ئاراستەکردنی رەخنەی سیاسی لەم بابەتە بۆئیسلامی سیاسیو بۆ یەکگرتوو بەتایبەتی رێك ئەو شتەیە کە ئەوان دەیانەوێت، لە ئێستادا ستراتیژی یەکگرتوو گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی نییە، ئەوان خۆشیان دەزانن ئەم کارەیان بۆ ناکرێت، بۆیە لە هەوڵی پەیداکردنی هەیمەنەیەکی کولتووریدان. هەنگاوی دوای ئەوە هەوڵ ئەدەن ئەو هەیمەنە کولتوورییە بۆ هەیمەنەیەکی کۆمەڵایەتی تەرجەمە بکەنو دوای ئەویش ئەو هەیمەنە کۆمەڵایەتییە بکەنە هەیمەنەیەکی سیاسی.

لەمانەش بترازێت یەکگرتوو هێزێکە دەبێت لەسیاقی هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستاندا تەماشا بکرێتو بنرخێندرێت، لەدە سالێ رابردوودا، واتە لەسەردەمی دروست بوونی یەکگرتووەوە، ئەو ناشیرینیو بریندارکردنەی یەکێتیو پارتی بەرامبەر بەکورد بوون کردوویانە هیچ هێزێکی سیاسی دیکە لە کوردستاندا نەیکردووە. نموونەکانیان شەڕی ناوخۆ و دابەشکردنی کوردستانو پەیوەندی ئاشکراو ژێرپەردە لەگەڵ داگیرکەراندو هتد... دیموکراسیبوونی پارتیو یەکێتییش پێوەرێکی ئەوەندە باش نییە کە دیموکراسیبوونی هێزەکانی دیکەی پێ بپێوین. رەخنەی باوەڕ بەدیموکراسی نەبوون لە کوردستاندا دەبێتە سەرەتا ڕووبەڕووی پارتیو یەکێتی بکرێتەوە کە هیچ لایەکیان بەوە رازینابێت دوو دەقیقە ڕۆڵی تۆپۆزسیۆنی دەرەوەی دەسەڵات ببینێت. بەڵام ئایا یەکگرتوو هێزێکی فریشتەو بێگوناهە؟

مەترسی سەرەکی ئیسلامی سیاسی بەگشتیو یەکگرتوو بەتایبەتی لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتیو کولتووریی و فیکرییەکەیاندایە. لەم ئاستانەدا یەکگرتوو دیدێکی کۆنەپارێزو، چەپێنەرو تۆتالیتێر نیشان ئەدات. لە ئێستادا ئەم دیدە لە ئاستی فشارێکی رەمزیو کولتووریدا ئامادەیە لەشێوەی نەسیحەتو ئامۆژگاریو نووسیندا دەردەکەوێت.

بەڵام لەگەڵ گۆڕانی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا دەتوانێت ببێتە فشارێکی سیاسیش. بەمانایەکی دیکە مەترسی یەکگرتوو لەوە هەندەسە کۆمەڵایەتیو خەیاڵییە کولتووریو دیدە ئەخلاقییەدایە کە هەڵیگرتووە. لە دەسالێ رابردوودا ئەم مەسەلانە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەدینی کردنی فەزای گشتی کۆمەڵگای کوردیدا گێڕاوەو لەڕووی واقیعییەوە ئەو ڕەهەندە چەپێنەرە ترسناکانەی دینیان بەهێزکردووە کە لەبەکارهێنانە سوننەتیو نالیبراڵو نا مۆدێرنەکەی دیندا ئامادەیە. ئەم ئاوسانە دینییە لە ساڵانی رابردوودا زمانێکی تایبەتی قسەکردنی لەسەر ئەخلاقو لەسەر کولتوورو لەسەر کۆمەڵگاو لەسەر ئافرەتو لەسەر پەیوەندی نێوان نێرو مێ دروستکردووە کە بڕی چەپاندنو بێئیرادەکردنو ترساندنی ئینسانی ئێمەی گەورەتر کردووە بچووکتری نەکردوە. ژمارەی خۆکوشتنو خۆسوتاندنی ژنانو منداڵانو گەنجان ناکرێت لەگەشەی ئەم دیدە تەقلیدیە بۆ دین داببڕرێت.

لەڕاستیدا یەکگرتووی ئیسلامی لەوەدا سەرکەوتووە کە هێزەکانی دیکە ناچار دەکات بەو زمانە دینییە بدوێن کە لە زمانو خەیاڵی سیاسی ئەوەوە لەدایکبوون. بەڕادەیەك کارێکی کردووە سیاسییە عەلمانییەکان ئایەتی قورئان لە ژوورەکانیاندا هەڵواسنو مارکسییەکانی دوێنێشی لە مزگەوتەکاندا لە پشتی ئیمامەکانەوە نوێژ بکەن. یان هێزێکی وەك پارتی وشەی ماچو مەمكو جنس بۆماوەیەکی درێژ لە میدیاکانی خۆیدا یاساغ بکات. مەترسی ئیسلامی سیاسیو یەکگرتوو لەوەدایە کە توانای تێکدانی شوناسی سیاسیو ئایدیۆلۆژی هێزەکانی دیکەی هەیەو بڕێك لە خەیاڵو عەقڵیەتو تێڕوانینی خۆیان لای ئەوانیش بەجێبێڵن.

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونانەش با سەرنجێکی خێرای ئەو نامیلکەیە بدەین کە بەڕێز کاك سەلاحەدین بەهادینی ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لە ژێرناوی "ئامۆژگاری بۆ خوشکان" دا نووسیویەتی. ئەم نامیلکەیە چەندە بچکۆلەو کەم بایەخ دەردەکەوێت بەڵام دەربڕی پرۆژەیەکی پاتریارکی ترسناکو دەسەلاتگەریی ئاینییە. نامیلکەیە کە دەیەوێت خۆی وەك دەلیلی "ژیانی خێزانداری بەختیار" نیشانبدات. بەڵام هەر لەدێڕەکانی یەکەمیەوە ئاشکرایە کە ستراتیژی بەکۆیلەکردنی ئافرەتو بە پاتریارکردنێکی بێوێنەی خێزانو دیسپلینکردنێکی تەواوی ژیانی تاکەکەسی کۆمەڵایەتییە.

ئەوەمان لەیاد نەچێت کە بنیاتنانەوەو دارشتنەوەو بەئیسلامیکردنەوەی خێزان یەکێکە لە ستراتیژە هەرە سەرەکییەکانی هەیمەنەی کولتوری ئیسلامی سیاسیی، بەتایبەتی لە باڵە ئاشتیخوازەکەیدا کە یەکگرتوو نوێنەریەتی. هەر لە لاپەڕەی یەکەمدا ئافرەت بەکەسان دەکرێت بە عاتیفەو پیاویش بە "عەقڵ"، (بەشی هەرە زۆری ئەو ناشیرینیانەی لە میژوودا بەرامبەر بە ئافرەت کراون دەرەنجامی ئەم دابەشکردنەن، بەداخەوەی ناتوانم لەمەودای ئەم ستونەدا ئەم مەسەلەیە لێکبدەمەوە) کاك سەلاحەدین بەم جۆرە ئامۆژگاری ئافرەت دەکات : پیاو وەکو بەڕێوەبەرو "قەوامە"ی خۆت ببینەو خۆشت وەك پاشکۆ، گوێڕایەڵ بەو و "من و تۆیی" لەگەڵ پیاودا مەکە، پیاو چی خۆشویست تۆش هەوڵ دە ئەوەت خۆش بوێت با زۆریش لەخۆت بکەیت، خاتری پیاوت لەحەزی خۆت لەلا لەپێشتربێت، ئەو شتانەی پیاو پێی گرنگ نییە تۆش پێت گرنگ نەبێت، پیاو بەچی رازییە تۆش بەوە رازیبە، ئەوەی پیاو پێی رازیی نییە نابێت تۆش پێ رازیبیت، پێش پیاو لەخەو هەڵسەو دوای ئەویش بخەوە، ڕەخنە لە پیاوەکەت مەگرە بەڵام ئەو کە ڕەخنەی گرت حەقی بدەرێو بەویژدان بە لەگەڵیدا، کە نەخۆش کەوت تۆ بە تەنگیەوەبەو شەونخونی بۆ بکە، کە تۆنەخۆش کەوتی کەم ئەرك بەو ژیانی لێتێك مەدە. لەڕاستیدا کاك سەلاحەدین تا ئەو شوێنە دەڕوات کە لەباتی خودا بڕیاری ئەوەبدات کە نوێژ و ڕۆژو حەجی ئافرەت پوچەڵ و بێبایەخە گەر بەبێ ئیزنی پیاو ئەنجام بدرێت.

ئەم خەیاڵە دینیە نەك ڕەچەتەی بەختەوەری نییە ؟، بەڵکو ستراتیژیەتی ئیفلیجکردنی ئیرادەو کوشتنی هەستو لەناوبردنی خواستی سەربەخۆی دەرەوەی پاتریارکیەتە. ئاشکرایە بە پارتریارکیەتی ناو خێزان سەرچاوەی سەرەکی پاتریارکیەتی دەرەوەی خێزانەو کوشتنی ڕۆحی دیالۆگو ڕاو ئەرگۆمێنت گۆڕینەوەی ئازاد لە خێزاندا کوشتنشیەتی لەدەرەوەی خێزاندا. ئەمانەش ڕەچەتەی بنیادنانی سیستمێکی پاتریارکی تۆتالیتاری دینین کە بە دیکتاتۆریەتی سیاسیو کۆمەڵایەتی فۆرمێکی دینی دەبەخشن. لە میژووی ئەدەبیاتی کۆنو نوێی کوردیدا تا ئێستا تێکستێکی وا کۆنەپارێز و دژ بە یەکسانی و دژ بە بەختەوەریو دژ بە ئافرەت و دژ بە سەربەخۆیی تاکەکەس نەنووسراوە. یەکگرتوو بەم خەیاڵو عەقڵیەتەوە هێزی سێهەمە لە کوردستانداو دەشبێت بەبەشێك لەو دەسەڵاتەی لە ئایندەیەکی نزیکدا حوکم دەکات.

لە هەڵەبجە چەکدارێکو پاسەوانەکانی بەرپرسێکی پارتی تەقە لەیەکتر دەکەن

هەڵەبجەی شەهید، پ. هاوڵاتی: بەهۆی دەمەقاڵەی نێوان چەکدارێکو پاسەوانەکانی مالّی (فازیل بەشارەتی) جێگری لێپرسراوی لقی ١٢ی پارتی لە شاری هەڵەبجەی شەهید، پێڕێ (١/١٧) تەقەو پێکدادانی چەکداریی لەم شارەدا سەری هەڵدا.

کارگێڕی لقی ١٢ پارتی (محەمەد گرێزەیی) لەلێدوانێکدا بۆ هاوڵاتی ڕوونی کردەوە (ڕەحیم محەمەد) ناوێك کە چەکداری یەکێتییە، لەسەر دەمەقاڵەیەك لەگەڵ پاسەوانەکانی (فازیل بەشارەتی)دا مالّەکەیانی داوەتە بەرتەقەو ئەوانیش وەڵامیان داوەتەوە. هەروەها گوتی "تا ئێستا هیچ ئاماژەیەکی وا لەبەردەستدا نییە کە ئەم هێرشە پەیوەندی بە سیاسەتو حیزبایەتییەوە هەبێت".

لەلایەکی تریشەوە وتەبێژێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور پاسەوانەکانی ناوبراوی تۆمەتبار کرد بەدەست پێشخەریو ئاژاوەنانەوە وتی "گومانی ئەوەیان لێ دەکرێت دەستی تێکدان بن، چونکە پێشتر سەر بەگرووپێکی ئیسلامیی توندڕەو بوون ".

لەدەمی ڕووداوەکەشدا هەریەك لە مەکتەبی سیاسی پارتیو یەکێتی بروسکەیان ئالّوگۆڕ کردووەو داوای هەرچی زوتر ئارام کردنەوەی بارودۆخەکەیان لە هەڵەبجە کردووە. لەمبارەیەوە لێپرسراوی مەڵبەندی ٩ی شارەزور (حەمەی حەمە سەعید) بە (هاوڵاتی) ڕاگەیاند "بروسکەی ناڕاست گەیشتوتە مەکتەبی سیاسی پارتیو پاش بەدواداچوون دەرکەوتووە کە جگە لە دەمەقاڵەی دراوسێیەتیو شەخسی، هیچ پەیوەندییەکی سیاسیو حیزبی لەم کێشەیەدا هەستی پێنەکراوە".

پێکدادانەکە هیچ زیانی گیانی بەدواوە نەبووە کێشەکە ئێستا لە پۆلیسە.

چەند کورتە هەواڵێك

سێ پێشمەرگەی پارتی و سێ هاوڵاتی لە موسڵ کوژران

دهوك، پ.هاوڵاتی: ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٥/١/١٣، لە ناو شاری موسڵ سێ پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە دەستی چەند چەکدارێك کوژران کە هەر سێکیان خەڵکی پارێزگای دهۆکن.

ڕۆژی یەك شەممەش ٢٠٠٥/١/١٦ لە گەرەکی (ئینتیسار)ی شاری موسڵ کە زوربەی دانیشتوانی کوردن، بە هۆی کەوتنی گوللە هاوەنێك بە سەر ماڵێکی کورددا، سێ کەس لەو ماڵە کوژران کە یەکێکیان منداڵە. ئەم خێزانە سەر بەعەشیرەتی هەرکین.

ئاسایشی سلێمانی ڕائیدێکی پۆلیس دەستگیر دەکات

سلێمانی، پ.هاوڵاتی: ڕائید (عەلی فایەق سوور) کە ڕێکخەری نێوان دەزگای پۆلیسی هەرێمو پۆلیسی حکومەتی ناوەندی بووە، بەتۆمەتی بردنی بڕێك پارەی هاوڵاتییەك دەستگیر کراوە لە خێزانەکەی وەرگرتووە بۆئەوەی ئەو هاوڵاتییەی لەدەست کۆمەڵێك جەردەی عەرەب پێ ڕزگار بکات، بەڵام پارەکەی خواردووە". ئێستا لێکۆڵینەوە لەم کێشەیە بەردەوامە.

ژمارەیەك بەڕێوەبەر لەکەلار لەسەر کار لادەبرێن

گەرمیان، پ.هاوڵاتی: بەڕێوەبەری هاتوچۆی گەرمیانو بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار لەسەر کار لابران، پێشبینی دەکرێت بەڕێوەبەری پەروەردەش لەسەر کار لابرێت.

سەرچاوەیەك لەپارێزگای کەرکوك بەشی گەرمیان کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، بەهاوڵاتی ڕاگەیاند بەم دواییانە حسێن مەنسور بەڕێوەبەری پۆلیسی گەرمیانو د.ئیبراهیم سالّح بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار لەسەر کار لابران. سەرچاوەکە لابردنی ئەم دوو شارەزاییو زمانزانین کراوە بە ڕێکخەر لەنێوان هەردوو دەزگای پۆلیسی هەرێمو پۆلیسی حکومەتی ناوەندی، بەڵام بەم دواییانە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر کراوە.

سەرچاوەیەك لەئاسایشی سلێمانی بە هاوڵاتی ڕاگەیاند "ناوبراو بەتۆمەتی بردنی بڕێك پارەی هاوڵاتییەك دەستگیر کراوە کە لە خێزانەکەی وەرگرتووە بۆئەوەی ئەو هاوڵاتییەی لەدەست کۆمەڵێك جەردەی عەرەب پێ ڕزگار بکات، بەڵام پارەکەی خواردووە". ئێستا لێکۆڵینەوە لەم کێشەیە بەردەوامە.

ژمارەیەك بەڕێوەبەر لەکەلار لەسەر کار لادەبرێن

گەرمیان، پ.هاوڵاتی: بەڕێوەبەری هاتوچۆی گەرمیانو بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار لەسەر کار لابران، پێشبینی دەکرێت بەڕێوەبەری پەروەردەش لەسەر کار لابرێت.

سەرچاوەیەك لەپارێزگای کەرکوك بەشی گەرمیان کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، بەهاوڵاتی ڕاگەیاند بەم دواییانە حسێن مەنسور بەڕێوەبەری پۆلیسی گەرمیانو د.ئیبراهیم سالّح بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار لەسەر کار لابران. سەرچاوەکە لابردنی ئەم دوو شارەزاییو زمانزانین کراوە بە ڕێکخەر لەنێوان هەردوو دەزگای پۆلیسی هەرێمو پۆلیسی حکومەتی ناوەندی، بەڵام بەم دواییانە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر کراوە.

سەرچاوەیەك لەئاسایشی سلێمانی بە هاوڵاتی ڕاگەیاند "ناوبراو بەتۆمەتی بردنی بڕێك پارەی هاوڵاتییەك دەستگیر کراوە کە لە خێزانەکەی وەرگرتووە بۆئەوەی ئەو هاوڵاتییەی لەدەست کۆمەڵێك جەردەی عەرەب پێ ڕزگار بکات، بەڵام پارەکەی خواردووە". ئێستا لێکۆڵینەوە لەم کێشەیە بەردەوامە.

شیعەکان گەورەترین کۆبوونەوەی جەماوەری ڕێکدەخەن

ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق بەنیازە گەورەترین کۆبوونەوەی جەماوەریی لەمێژووی سیاسی عێراقدا لەشاری بەسرە ڕێکبخات.

ڕاوێژکاری سیاسی عەبدولعەزیز حەکیمی سەرۆکی ئەنجومەنەکە، موحسین حەکیم دەڵێت ئەم کۆبوونەوە جەماوەرییە بەبەشداریی سەدان هەزار کەس بەڕێوە دەچێت کە بۆ پشتیوانیکردن لەلیستی هاوپەیمانی عێراق لەبەسرە کۆدەبنەوە.

هەروەها دەڵێت ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیو ڕێکخراوی بەدرەوە ڕێکەدەخرێتو گەورەترین کۆبوونەوەی جەماوەری دەبێت لەمێژووی سیاسی عێراقدا".

بزاڤا ریفراندومێ .. هوین ل کیڤەنە

ئەڤ بابەتە من بو حەفتینا ما ئەڤرو هنارتبوو لێ پشتی ئەز ژ بەلاڤکرنا وێ بێهیڤی بویم من بو هاولاتی هنارت. هەرچەندە هندەك گهورین بێین پەیدا بوین د بزاڤێ دا وەکە بەرسڤا کوفی ئەنانو ریفراندوما نەفەرمی دگەل هەلبژارتنا، لێ ب بینینا مە بەرسڤا ئەنانی گەلەك یا نەرێنی بوو و ریفراندوما نەفەرمی ژی ژ ناڤێ خوە یا دیارە، لەوا ئەز حەزدکەم ڤی بابەتی وەکی خوە و بێ گهورین بەلاڤ کەم

بێ پێڤشەکی دێ بێژم ئەرێ من مافێ چەند پرسیارەکا هەیە ...؟ ئەگەر ئەرێ .. پرسیارێن من ئەڤەنە :

ئەرێ ئیمزاییێن دوو ملیون کەسان ل کوردستانێو دەرڤەی وەلاتی چ لێ هاتن ...؟ ئەرێ ئەڤ ئیمزایە بو چ بون ..؟ ئەرێ هون هزر دوێ چەندێ دا ناکەن کو خەلك پرسیار ژ ئیمزاییێن خوە بکەن...؟ ئەرێ هون دزانن کو خەلك یێ ڤێ هزرێ دکەت کو ئەڤ کارێ هەوە ژ بو بهێزکرنا کورسییێن پارتێن بالا دەست بو...؟ ئەڤەو دەهان پرسیارێن دیتر. بلا سەرێ هەوە گێژنەکەم و دێ بکورتی بێژم "کەکو ئەم ییێن دەلیڤەکا نازك و بەرتەنگ داو ئەگەر هوین هەست پێ نەکەن گەلەك ژڤێ خەلکی یێ دگێژەڤانکا ڤان پرسیارادا دژیتو ئەز دپێزانینە کا وەکی (کرامەتێن) کابرا بدەمەوە ئو ببێژم ئەم یێ بەرەڤ هەلبژارتنا دچینو بلا مە سەد لیستێن هەڤپشك هەبن ئەم ییێبەرەڤ خوە کوژیێ دچین. ژبەرکو بڤێ هەلبژارتنێ دێ بفەرمی دان پێدانێ بدەسهەلاتەکێ دەین نە دووبرە ئەوژی وەکی رژێمێن دی ب سەرێ مە بینیت. ل وی دەمی ژی مە ل هەرێمێ چ دەسهەلات و شەرعیەت نامینیت. ئەگەر نەە دابهێن چەند پرسیارەکێن دیتر بکەین. ئەرێ ئەڤ دەستورێ نوکە هەی نە دەستورەکێ بەروەختە هەرگاڤەکا ئەنجومەنێ نیشتمانی هاتە هەلبژارتن دێ ڤی دەستوری راستڤەکەت ژنوی بریارێ لسەردەت کە بهیتە دەستورێ هەمیشەیی. وەکی دبێژن ئەو برگەو خالین مە سەرکەفتن ددیتن نەهێن لابرن...؟ ئەرێ مانە سەدێ سەدە کو ئەم کە مینە بین دپەرلەمانێ ئیراقێ دا...؟ ئەرێ دڤی دەستورێ بەروەخت دا ژی مە کوردستانیەتا ڤێ پارچا کوردستانێ سەلماندیە...؟ ئەگەر کەسەك ببێژیت ئەرێ، دا بپرسین رێ نەدانا دەڤەرێن تازە ئازاد کری ییێن کوردستانێ ڤێد هەلبژارتنێن پەرلەمانێ کوردستانێ دا ڤێ چەندێ ناگەهینیت کو وان ڤیایە دانپێ دان ب وان دەڤەرێن کوردستانێ نەهێتەکرن...؟! دا خازا لێبورینێ بەلێ دەلیڤا دیاهیەك پرسیارا نەخوەش هاتیەو بێژین هوین داردەستێن بالا دەستا نەبن و خوە ب بزاڤەکا جەماوەری بزانن و یاریا ب هەستێن خەلکی نەکەن دەلیڤە یا وێ چەندێ یە کو هەلویستی وەرگرین ل هەمبەر هەلبژارتنا و چاوانیا پشکداری کرنێو بزانینو بو خەلکی بدەینە زانین کو مە چ زەمانەك هەیە بو پاش هەلبژارتناو دامزراندنا ئەنجومەنێ ئیراقێو دێ مە مافێ چ بیت. دگەل وێ چەندێ ژی ئەگەر هەوە (زەمانەت) هەبیت بێژنە خەلکی. بەس یا ژوە نەهێتە قەبولکرن بێ دەنگیا وە یە لسەر پشکدارینەکرنا دەڤەرێن تازە ئازادکرییێن کوردستانێ دهەلبژارتنێن پەرلەمانێ کوردستانێ دا و ئەگەر ئەڤە لسەر مەرا ببوریت دێ بێ دوو دلی بیتە دان پێدانەکا فەرمی ب کوردستانی نەبونا ڤان دەڤەراو پشکداریکرنا مە دڤان هەلبژارتنا دا دانپێدانە ب دەسهەلاتا بەغدا. ئەڤە خوە کوشتنا دوزا مەیە کو سەدان شەهید بو هاتینە دان.

عەبدلعەزیز تاها نهێلی